# ڕزگار شێخانی و وەرگێڕانی (داستانی فاتیمە)ی (گۆننار ئێکێلۆف)

**زریان عومەر دەشتەکی**

ziryan_d@yahoo.com



لەگەڵ هەموو ئەو رایانەی، کە پێیان وایە وەرگێڕانی شیعر ئەستەمە، یاخود مەحاڵە، کەچی وەرگێرانی شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە هەر بەردەوامە، بگرە زۆر جار لە دەستی دووەم و سێیەمیشەوە شیعر وەردەگێردرێت، بەتایبەتی لای ئێمە.

لەدوای ڕاپەڕینەوە وەرگێڕانیش شانبەشانی بوارەکانی دیکەی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەشەی کردووە. بەتایبەتی دوای ئەوەی بەشێکی نووسەرانی ئێمە گەیشتوونەتە دەرەوەی وڵات. ئەمەش بواری بۆ ئەوە ڕەخساندووە، کە بەپێچەوانەی پێش ڕاپەڕین، وەرگێرانی تێکستە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفییەکان لە زمانی یەکەمەوە بکرێن. دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە بواری وەرگێران لە ئاستێکی باشدایە. هەرچۆنێک بێت کۆمەڵێک هەوڵی جوان هەن، کە دەکرێت ئەمرۆ وەکو سەرەتایەک بۆ بزاڤێکی وەرگێران سەیریان بکەین.

ڕزگار شێخانی یەکێکە لەو وەرگێڕانەی، کە لەو بوارەدا جێگای دەستی دیارە و هەتا ئێستا چەند تێکستێکی شیعریی جیاوازی لە زمانی سوێدییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. ئەو وەرگێڕە لە هەڵبژاردنی تێکستەکاندا شارەزایی و وردبینییەکی چاکی هەیە. دیارە وەرگێڕان بەگشتی لە زمانەکانی ئەسکەندەناڤییەوە بۆ سەر هەر زمانێکی دیکە ئاسان نییە، چونکە سترەکچەری ئەو زمانانە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و هاوکات خاوەنی گراماتیکێکی زۆر جیاوازیشن، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر لە بەردەمی وەرگێڕی چاکدا چ لە کوردی و چ لە زمانەکانی دیکەدا، کە ئەدەب و فیکری ئەسکەندەناڤی بە دەرەوەی ڕووبەری خۆیان ئاشنا بکەن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر دەبینین لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەسکەندەناڤی تا ڕادەیەک لەو گۆشەگیرییەی خۆیان هاتوونەتە دەرێ و خوێنەرێکی جیاواز پێیان ئاشنا بوون.

(داستانی فاتیمە)ی شاعیری گەورەی سوێدی (گۆننار ئێکێلۆف) یەکێکە لەو کتێبە شیعرییانەی، کە هەر ڕزگار شێخانی لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی. ناوی (داستانی فاتیمە) کاتێ دەکەوێتە بەر گوێچکەی خوێنەری ئێمە، وای بۆ دەچێت تێکستێکی ڕۆژهەڵاتی بێت، وردتر بڵێین تێکستێکی عەرەبی بێت. ڕاستییەکەی بیرکردنەوەیەکی ئاوا زۆر لە مەبەستی شاعیرەکە دوور نییە، چونکە شاعیر ئەو دیوانەیشی وەکو سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەی لەناو ئەتمۆسفێرێکی سۆفییانەی ڕۆژهەڵاتیدا

نووسیوە. دەکرێت ئەو دیوانە بەدیوێکی دیکەدا بخوێنینەوە، کە وەک بڵێی گەشتێکی ڕۆحی بێت لەسەر هەمان شێوازی گەشتە ڕۆحییەکەی (گۆتە)ی ئەڵمانی. ئەوەی ئەو دوانە کۆ دەکاتەوە، پەیوەستبوونیانە بە دنیای ڕۆژهەڵآتی. پێمان وایە ئەو مەسەلەیە لای هەردووکیان جۆرێکێشە لە داننان بە جوانیی بەها ڕۆحییەکانی ڕۆژهەلآت، کە زۆر جار بە مەبەست و بێمەبەست پشتگوێ خراوە. لای ئێمە (کاروان عومەر کاکەسوور)ی چیرۆکنووس گەشتی لەم شێوەیەی هەیە. دروستکردنی شوناسێکی دیکەی جیاواز بۆ کارەکتەر و شوێن تایبەتمەندییەکی ئەو نووسەرەیە.

(داستانی فاتیمە) هەڵگری کۆمەڵێک پرۆبلەماتیکی زمانی و فیکرییە. تێکستێک نووسەرەکەی ڕۆژئاواییە و بە زمانێکی سوێدیی پڕ لە زاراوەی سۆفییانەی ڕۆژهەڵآتی دەینووسێت. لێرەدا نابێت باز بەسەر پرسیارێکی بنەڕەتیدا هەڵبدەین، ئەویش ئەوەیە ئایا دەکرێت بڵێین زمانی سوێدی زمانی ئۆرگیناڵی ئەو تێکستەیە؟ بە مانایەکی دیکە ئایا خوێنەری سوێدی چۆن ئەو شیعرانە دەخوێننەوە؟ یان ئاخۆ دەتوانین زمانی ئۆرگیناڵی ئەو تێکستە دەستنیشان بکەین؟ ئەوە ئەگەر ئەوەمان خستە بەرچاومان، کە ناوەرۆکی دیوانەکە بەبێ مشتومڕ ڕۆژهەڵآتییە.

مەپرسە، مەپرسە

لەو وێنەیەی کە دەیبینیت:

لەو لێوانەی کە شێوە وەردەگرن

لەو چاوانەی کە پرسیار دەکەن

لە ڕەنگی پێست کە لەبەر ڕووناکییدا دەگۆڕێ

دەدرەوشێتەوە و خامۆش دەبێ

لەو کوڵمانەی کە ون دەبن

ئێمە ئەگەرچی هەوڵمان دا (داستانی فاتیمە) بە خوێنەر بناسێنین، بەڵآم دەبێت ئاماژە بە بەرهەمێکی دیکەی ئەو شاعیرەش بکەین، کە ئەویش (دیوان)ە و دیارە هەر ڕزگار شێخانی کردوویەتی بە کوردی. سەرنج لە وشەی دیوانیش دەدەین، کە وشەیەکی ئێرانییە و لە ئەدەبی سۆفیزمدا بایەخێکی گرنگی هەیە.

ئەوەی لە سەرجەمی وەرگێڕانەکانی ڕزگار شێخانیدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، تەنها ئەو توانایە نییە، کە لە تێگەیشتنی وردی ئەو تێکساتنەوە بەدی دەکرێت، بەڵکو داڕشتنەوەی هەموو ئەو بیرۆکە و گەمە زمانەوانییانەیە، کە (گۆننار ئیکێلۆف) بەمەبەست ئیشی لەسەر کردوون. لێرەوە ئەو گیانە ئیستاتیکایەی شیعری ئەو شاعیرە تا ڕادەیەکی زۆر پاریزراوە، کە ڕاستییەکەی پاراستنی ئاسان نییە.